# ئەی بەنی سەلەمە، لە شوێنی خۆتان بمێننەوە؛ هەنگاوەکانتان دەنووسرێت، لە شوێنی خۆتان بمێننەوە؛ هەنگاوەکانتان دەنووسرێت

لە جابری کوری عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: بەنو سەلەمە دەیانویست شوێنی نیشتوجێبوونیان بگوێزنەوە بۆ نزیکی مزگەوت، وئەم باسە گەیشت بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم، پێیانی فەرموو: «پێم گەیشتووە کە دەتانەوێت (شوێنی نیشتەجێبوونتان) بگوێزنەوە بۆ نزیکی مزگەوت؟»، ئەوانیش ووتیان: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا ئەوەمان دەویست، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەی بەنی سەلەمە، لە شوێنی خۆتان بمێننەوە؛ هەنگاوەکانتان دەنووسرێت، لە شوێنی خۆتان بمێننەوە؛ هەنگاوەکانتان دەنووسرێت». ولە گێڕانەوەیەکدا: «هەر هەنگاوێک (بەرەو مزگەوت) پلەیەکە».
[صەحیحە] [وەکو ئەوە بوخاری گێڕاویەتیەوە - موسلیم گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: بەنی سەلەمە ویستیان ماڵەکەیان بگوێزنەوە -لە شوێنێکی دوور لە مزگەوتەوە- بۆ شوێنێکی نزیک لە مزگەوت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حەزی نەکرد بەشێک لە مەدینە چۆڵ بکرێت، هەروەکو لە گێڕانەوەی (البخاري)دا هاتووە، وهیوای ئەوە بوو کە هەموو شوێنەکانی مەدینە ئاوەدان بکرێتەوە بۆئەوەی مەزن بێت لە چاوی مونافیقەکان وموشریکەکەکان، وپاشان پرسیاری لێیان کرد: (پێم گەیشتووە کە دەتانەوێت -شوێنی نیشتەجێبوونتان- بگوێزنەوە بۆ نزیکی مزگەوت؟)، ووتیان: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا ئەوەمان ویست، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئەی بەنی سەلەمە، لە شوێنی خۆتان بمێننەوە؛ هەنگاوەکانتان دەنووسرێت، لە شوێنی خۆتان بمێننەوە؛ هەنگاوەکانتان دەنووسرێت) دوو جار فەرمووی، وبۆیانی ڕوونکردەوە کە هەر هەنگاوێک بەرەو مزگەوت پلەیەک بەرزیان دەکاتەوە وچاکەیەکیان بۆ دەنووسرێت. ولە گێڕانەوەیەکدا ئەبو هورەیرە-ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: («ئەوانەتان کە زۆرترین پاداشتیان هەیە -لە کاتی هاتن بۆمزگەوت- ئەوانەن کە ماڵەکانیان دوورترە»، ووترا: بۆچی ئەی ئەبو هورەیرە؟ ئەویش ووتی: «بەهۆی زۆری هەنگاوەکان») [الموطأ]. هەرچەندە ماڵ دوور بێت لە مزگەوتەوە، ئەمە دەبێتە هۆی زیاد بوونی پاداشت وپلەکان وسڕینەوەی گوناهەکان، کاتێک ئەم فەزڵەی دەستدەکەوێت ئەگەر لە ماڵەوە بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت، وبە پێ بچێت بۆ مزگەوت وسواری نەبێت، ئەگەر هەنگاوەکانی کەم یان زۆر بێت، بە هەر هەنگاوێک دوو شتی بۆ دەنووسرێت: پلەیەک بەرز دەبێتەوە وگوناهێکی لەسەر دەسڕێتەوە. لە گێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (إذا توضأ أحدكم فأحسن الوضوء ثم خرج إلى الصلاة، لم يرفع قدمه اليمنى إلا كتب الله -عز وجل- له حسنة، ولم يضع قدمه اليسرى إلا حط الله -عز وجل- عنه سيئة، فليقرب أحدكم أو ليبعد) [رواه أبو داود] واتە: (ئەگەر یەکێکتان دەستنوێژ بە جوانی بگرێت وپاشان دەربچێت بۆ نوێژکردن -لە مزگەوت-، هەر هەنگاوێک بنێت بە پێی ڕاستی -لە کاتی ڕۆیشتن- ئەوا خوای گەورە چاکەیەکی بۆ دەنووسێت، هەر هەنگاوێک بنێت بە پێی چەپی -لە کاتی ڕۆیشتن- ئەوا خوای گەورە گوناهێکی لەسەر لادەبات، بۆیە با یەکێکتان هەنگاوەیەکانی لە یەکتر نزیک بکاتەوە -زۆری بکات- یان -ماڵەکەی- دووری بکاتەوە -لە مزگەوت-). وهەروەها لە گێڕانەوەیەکی تردا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (أتاني ربي -عز وجل- الليلة في أحسن صورة -أحسبه يعني في النوم- فقال: يا محمد، هل تدري فيم يختصم الملأ الأعلى؟ قال: قلت: نعم، يختصمون في الكفارات والدرجات، قال: وما الكفارات والدرجات؟ قال: المكث في المساجد بعد الصلوات، والمشي على الأقدام إلى الجماعات، وإبلاغ الوضوء في المكاره) [رواه أحمد] واتە: (ئەمشەو پەروەردگارم -عز وجل- لەسەر جوانترین وێنە -پێم وابێت ووتی لە خەوندا-، فەرمووی: ئەی موحەمەد، ئایا دەزانیت ئەوانەی کۆبوونەتەوە لە سەرەوە -لە ئاسمانەکاندا- گفتوگۆ دەربارەی چی دەکەن؟ ووتم: بەڵێ، گفتوگۆ دەکەن سەبارەت بە لێخۆشبوون لە

گوناهەکان وبەرزکردنەوەی پلەکان، -خودا- فەرمووی: ئایا لێخۆشبوون لە گوناهەکان وبەرزکردنەوەی پلەکان چییە؟ فەرمووی: مانەوە لە مزگەوت لە پاش نوێژەکان، وبە پێ ڕۆیشتن بۆ -نوێژە- بە کۆمەڵەکان -جەماعەتەکان-، ودەستنوێژگرتن بە ڕێکی وجوانی لە کاتی ناڕەحەتیدا). ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پلە بەرزەکان بەدەست دەهێنرێت بە: 1- چوون بۆ مزگەوت بە دەستنوێژە -واتا دەستنوێژگرتن لەماڵەوە پاشان چوون بۆ مزگەوت-. 2- هیوا ونیەت ومەبەستی پاداشت ئامادە کردن لە دڵدا، بەهۆی فەرموودەی: (إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ ما نوى) [متفق عليه] واتە: (کردەوەکان بە پێی نیەتەکانە وهەموو کەسێک بە پێی نیەتەکەی پاداشت دەدرێتەوە). 3- دەرچوونی لە ماڵ تەنها بە مەبەستی چوون بۆ مزگەوت بێت. 4- هەنگاو نان بەرەو مزگەوت لەسەر پێیەکان وسواری نەبوونی هیچ شتێک، مەگەر بۆ کەسێک نەبێت کە عوزری هەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3713

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee